



# کیبۆردە سیحرییەکەی ئەپتیموس

کیبــۆرد یەکەمین ئامێــری لاوەکی کۆمپیوتەرە کە بەکارهێنەر وکۆمپیوتەر پێکەوە دەبەســتێتەوە، بەبێ کیبۆرد، نە فەرمانێــك دەدرێتە کۆمپیوتــەر و نە سایتێکی ئینتەرنێت دەکرێتەوە.

لە ســەرەتای داهێنانی کۆمپیوتەرەوە تاکو ئێســتا کیبــۆرد گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە.

لــەم دواییانــەدا کیبۆردێــك بەناوی Optimus Maximus هاتــە بەرهەم کە دەکرێ بڵێین گۆڕانکارییەکی زۆری تێدا کراوە و لەگەڵ کیبۆردەکانی دیکە زۆر جیاوازە. هــەر دوگمەیەکی کیبۆردەکە شاشــەیەکی تایبەت بەخۆی هەیە، بەکارهێنــەر دەتوانێ هەر یەکێك لەو دوگمانە بۆ فرمانی تایبەتی دابنێت. نرخی کیبۆردەکە تا رادەیەك خەیاڵییە، چونکە خۆی لە 1900 دۆلار دەدات کە ئەوەش بە بەراورد بە کیبۆردی دیکە زۆربەرزە.

دەکرێ یەکێك لە دوگمەکان بکەی بە دوگمەی ئیمێل، بەبێ ئەوەی ســەیری ئیمێلەکــەت بکەی لەســەر شاشــەی تایبــەت بە ئیمێل واتە ئــەو دوگمەی تایبەت بە ئیمێــل کراوە، دەتوانی بزانی چەند ئیمێلت بۆ هاتووە و چەند ئیمێلت خوێندۆتــەوە. کەموکوڕییەکی زەق کە لەو کیبــۆردە گرانبەهایەدا هەیە ئەوەیە کە وەك کیبۆردی دیکــە دژە تەڕبوون نییە و بە تەڕبوون تێکدەچێ.




## ریکۆردێکی دیجیتالی بۆ قوتابیان

ســەردەمی ئێستا گەیشتۆتە قۆناغێك کە پێویست ناکات چەنــد کتێبێــك لەگــەڵ خــۆت بەری بــۆ قوتابخانە یان پــاش خوێندنی وانەکەت بەســەر ئەو وانەیەی خوێندوتە جارێکی دیکە پێیدا بچیتەوە. ئامێرێکــی ریکۆردەر کە لە پەڕە کاغەزێك تەنکترە بەســەبۆ ئەوەی لە ماڵەوە جێگەی مامۆستا بگرێتەوەو وانــەی مامۆســتا بــەوردی دووپات دەکاتەوە.

کۆمپانیایەکی چینی ئامێرێکی دەنگ تۆمارکردنــی دیجیتالی بەرهەمهێناوە کە کێشەکەی زۆر سووکەو قەبارەکەی تەنیا 6 ملمە، لەگەڵ ئەوەشدا توانای 2 گیگابایتــی خەزنکردنــی هەیە. ئــەم ئامێرە دەکــرێ وەك ریکۆردێکی رۆژنامەوانــی ســوودی لێوەربگیرێ، چونکە زیاتر لە ســەد کاتژمێر دەنگ تۆمار دەکات.

## گەر لاپتۆپ تەڕ بێ چ بکرێ؟



لاپتۆپ تارادەیەك جێگەی کۆمپیوتەری ســەر مێزی گرتۆتەوە، لاپتۆپ چەندین تایبەتمەندی تێدایــە کە لە کۆمپیوتەری سەر مێزدا نییە، وەك بە ئاسانی راگواستن و هەڵگرتنی و پێویســت نەبوون بە وزەی کارەبا تا ماوەیەکی دیاریکراو...تاد. بەڵام چونکە لاپتۆپ ناسکە و گشت پارچەکانی پێکەوەن، پێویستە بە وردی ئاگاداری بین، وەك دەڵێن رووداو کارەسات بەدەست خۆت نییە، گەر رۆژێــك لاپتۆپەکەت ئاو یان چای بەسەردا رژا چ بکرێت؟

لەسەرەتادا دەستبەجێ کێبڵی لاپتۆپەکە لــە کارەبا دەربێنن و پاشــان پاترییەکەی دەربێنن و هەروەها گشت ئەو کێبڵانەی بە لاپتۆتەکەوە بەســتراونەتەوە دەربێنن، دواتر لاپتۆپەکە بەسەرەوبنی دابنێن بۆ ئەوەی ئاوەکــەی لێبچۆڕێتەوە. ئاگاتان لێبــێ تەڕایی نەگاتە شاشــەکەی، ئەگەر گەیشــتە شاشــە دەســتبەجێ وشــکی بکەنەوە. ئەوەندەی شــارەزایتان هەیە پارچەکانی لێك جیابکەنەوە و وشــکیان بکەنــەوە. گــەر ئەوەی بەســەریدا رژابوو، ئاو بوو، پێویســتە بە وردی وشکی بکەنەوە، بەڵام ئەگەر چا یان ماددەیەکی دیکە بوو، پێویســتە بە ســپرتۆی تایبەت بیشۆن. تاکو چەند رۆژێــك پارچەکان نەخەنــەوە پاڵی یەك و هیــچ کاتێکیش بۆ وشــکبوونەوە لای موجەفیفە یان نزیــك گەرمایی یان بەرهەتاو دایمەنێــن، تەنیــا لەبەر سـێبەر دایبنێن بۆ ئەوەی بە ئارامی و لەســەرخۆ و شــك بێتەوە.







# هانده نوێیەکانی سامسۆنگ لەدەست دەکرێن





لـــە تەکنەلۆژیای نوێدا هیچ ئامێرێك بە قەد مۆبایل گۆڕانکاری تێدا نەکراوە، مۆبایل ئێســـتاکە ڕۆڵی کامێرا، ڕیکۆردەر، کۆمپیوتەر، پلەی ستێشـــن...تاد دەبینێ. ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ گۆڕانکاری نوێ لە دیزاین و توانا و خزمەتگوزارییەکانـــی مۆبایلدا بەدی دەکرێ. بەم دواییانە کۆمپانیای سامســـۆنگ مۆدێلێکی نوێی هاندی بەرهەمهێنا کە وەك کاتژمێر لە دەســـت دەکرێ. هاندەکە زیاتر بۆ وەرزشکارانە. لە کارکردن و تواناشدا وەك هەموو مۆبایلێکی دیکە وایە، جگە لەوەی تۆماری جووڵە و لێدانی دڵی بەکارهێنەرەکە دیاری دەکات.

# ئەلبومە دیجیتاڵییەکان بە پرۆگرامی Photo Collage Studio بسپێرە





دروستکردنی ئەلبومی دیجیتالی لە وێنەکانتـــان زۆر لـــە ئەلبومی ئاسایی باشـــترە، چونکە لانی کەم وێنەکان تێك ناچن، بۆ هەمیشـــە بە نەمـــری و بێگرفت دەمێننەوە، نە بە تەربـــوون و نە بە ڕووداوگەلی دیکە هیچیـــان لێنایـــە، بەتایبەت ئەگەر ئەلبومەکان لە سایتێکدا بپارێزن.

گەلێك پرۆگرام هەن بۆ دروستکردنی ئەلبومـــی دیجیتالـــی، پرۆگرامی Photo Collage Studio یش یەکێك لەوپرۆگرامانەیە، کە زۆر بەئاسانی بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەکرێ جوانترین ئەلبوم دروست بکرێت. ئەلبومەکە خاوەنـــی زیاتر لـــە 200 چوارچێوەی تایبەتە بۆ دانانی وێنەکانتان.

هەندێـــك لـــە تایبەتمەندییەکانـــی ئەو پرۆگرامە ئەوانەن:

-بوونـــی چەندین دیزاینـــی تایبەت بۆ دروستکردنی ئەلبومەکان.

-بوونـــی زیاتر لـــە 200 چوارچێوە بۆ وێنە.

-توانای دەستکاری کردنی وێنە.

-دانانی ئێفێکتی جۆراوجۆری جووڵەدار لەسەر وێنە.

-دانانی ئەلبوم لەســـەر سایت وچەندین تایبەتمەندی دیکە...



# ZEN X-Fi لە بەرگێکی دیکەدا



کۆمپانیـــای Creative ئامێرێکی پلەیەری بەرهەمهێناوە، لەراســـتیدا نموونەیەکـــی نوێیە لە ئامێـــر ZEN X-fi. پلەیـــەرە نوێیەکە ســـێ ڕەنگی تایبەتی، ڕەش و سپی و شینی هەیە.

تایبەتمەندییەکانـــی ئـــەو پلەیەرە ئەوەیـــە: شاشـــەکەی دووئینـــج و نیوە، توانـــای بڵاوکردنـــەوەی فایلی ڤیدیۆیی بـــە فۆرماتەکانی MV9، DivX، MPEG-SP و XviD هەیـــە، هەروەهـــا فایلـــی دەنگ بە فۆرماتەکانـــی، WAV، WMA، FLAC بڵاودەکاتـــەوە. پاتـــری ئەو ئامێرە دەکرێ شـــەحن بکرێتەوەو تاکو 25 کاتژمێر مۆسیقای پێ لێبدرێت. میمۆری ئامێرەکە چەندین جۆرە، وەك 8 و 16 و 32 گیگایـــی. پلەیەرەکە زیاتر تایبەتە بە گەنجان.